وەزارەتی دارایی و ئابووری

ژمارە : ٦٢٤١ لە ٢٠٢٠/١٢/٧

ئاماژە بە کۆنووسی لیژنەی پێداچوونەوە بە ڕێنماییە داراییەکان ژمارە (٨) لە ٢٠٢٠/٩/٢٧ بڕیار درا بەدەرکردنی ئەم ڕێنماییە :

ڕێنمایی ژمارە (٢٧)ی ساڵی ٢٠٢٠

تایبەت بە هەموارکردنی بڕوانامە

١- ئەو فەرمانبەرانەی کە لەئێستادا درێژە بەخوێندنی ئێواران دەدەن لە دوای دەوامی فەرمی پێویستە ڕەزامەندی وەزارەتەکەیان هەبێت بۆ تەواوکردنی خوێندنەکەیان وە بەبێ ڕەزامەندی وەزارەتەکەیان هەموارکردنی بڕوانامەکەیان بۆ ناکرێت .

٢- ئەو فەرمانبەرانەی کە بەمۆڵەتی خوێندن یان لە خوێندنی ئێواران دوای دەوامی فەرمی بڕوانامە بەدەست دەهێنن دوای ڕاست و دروستی بڕوانامەکانیان پێویستە بڕوانامەکەیان لەگەڵ پسپۆری کارەکانیان لە فەرمانگەکەیان بگونجێت و بەپێچەوانەوە بۆیان هەموارناکرێت .

٣- لەپاش دەرچوونی ئەم ڕێنماییە بۆ تەواوکردنی خوێندنی ئێواران لە دوای دەوامی فەرمی دەبێت فەرمانبەرەکە سەرەتای دەست پێ کردنی بە خوێندن ڕەزامەندی وەزارەتەکەی وەر بگرێت بۆ درێژەدان بە خوێندنەکەی وە بەپێچەوانەوە بڕوانامەکەی بۆ هەژمار ناکرێت .

٤- ئەم ڕێنماییانە لە ڕێکەوتی دەرچوونیەوە کاری پێ دەکرێت و لەڕۆژنامەی (وەقایعی کوردستان) بڵاو دەکرێتەوە

ئاوات جەناب نوری

وەزیری دارایی و ئابووری